# هەرکەسێک بانگەشەی بوونی باوکێکی تر بکات جگە لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی لە کاتێکدا بزانێت کە ئەو کەسە باوکیشی نییە؛ ئەوا کوفری ئەنجامداوە، وئەوەی بانگەشەی خاوەندارێتی شتێک بکات لە کاتێکدا کە خاوەنی ئەو شتە نییە؛ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا، وئەوەی کەسێک بە کافر بانگ بکات یان پێی بڵێت: ئەی دوژمنی خودا، لە کاتێکدا کەسی بەرامبەر بەو شێوەیە نەبێت؛ ئەوا ئەم بانگەشە وتۆمەت هەڵواسینە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بانگەشەی بوونی باوکێکی تر بکات جگە لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی لە کاتێکدا بزانێت کە ئەو کەسە باوکیشی نییە؛ ئەوا کوفری ئەنجامداوە، وئەوەی بانگەشەی خاوەندارێتی شتێک بکات لە کاتێکدا کە خاوەنی ئەو شتە نییە؛ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا، وئەوەی کەسێک بە کافر بانگ بکات یان پێی بڵێت: ئەی دوژمنی خودا، لە کاتێکدا کەسی بەرامبەر بەو شێوەیە نەبێت؛ ئەوا ئەم بانگەشە وتۆمەت هەڵواسینە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئاگاداری وهەڕەشەیەی توندی تێدایە دژ بە هەرکەسێک یەکێک لەم سێ کردەوەیە ئەنجامبدات چ جای هەرسێکیان بەیەکەوە ئەنجامبدات؟ 1/ کەسێک باوکی ڕاستەقینەی بناسێت، وڕەچەڵەکی دووپاتکرابێتەوە، بەڵام ئینکاری لێبکات وخۆی وا دەربخات کە ڕەچەڵەکی نازانێت وبانگەشە بکات بۆ ڕەچەڵەکێکی تر جگە لە ڕەچەڵەکی باوکی ڕاستەقینەی یان بانگەشەی خۆ دانە پاڵ هۆزێکی تر بکات. 2/ کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە خاوەنداری شتێکە لە ڕەچەڵەک یان پارە وماڵ یان مافێک لە مافەکان یان کارێک لە کارەکان یان زانستێک لە زانستەکان یان بە درۆوە بانگەشەی بوونی سیفەتێک بکات لە خۆیدا کە ئەم بانگەشەیە وەکو هەل وەربگرێت بۆ ئەوەی خەڵکی بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەریئبوون ودووری خۆی ڕاگەیاند لەم جۆرە کەسە، وفەرمانی پێکرد کە شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا چونکە لە ئەهلی دۆزەخ دەبێت. 3/ کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە مسوڵمانێک بووە بە کافر یان جولەکە یان نەسڕانی یان پێی بڵێت: ئەی دوژمنی خودا، ئەگەر مسوڵمانەکە لە ئاینەکەی لای نەدابێت ئەوا ئەم وتانە بۆ کەسەکە دەگەڕێـتەوە چونکە ئەم کەسە خۆی شایەنی ئەم سیفەتە ناشیرینانەیە نەک مسوڵمانێک کە دوورە لە هەموو وتە وکردەوەیەکی خراپ.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee